# کۆنفراسێك بۆ کێشەی گەنجەکانی هۆڵەندا



بەختیار بەکر - مەبەست جەعفەر - خاتوو (ڤیردۆنگ) - ڕۆژان تاریق

ئەنجومەنی گەنجانی میدیا لەهۆڵەنداو ڕۆڵی بەرزیان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی هۆڵەندیی و پەناهەندەکان و کێشەی گەنجان بەتایبەتی، پاش تەواوبوونی کۆنفرانسی گەنجانی پەناهەدەو هۆڵەندیی لەشاری (Soestenberg) لەهۆڵەندا لەڕۆژانی (٢٧-٢٨/٨) بەبەشداریی زیاتر لە(٦٠) گەنج و ڕێکخەری (SMS) بەڕێوەچوو.

لەکۆنفرانسەکەدا بڕیاردرا کە(١٠) کەس بۆ نوێنەرایەتی گشت گەنجانی هۆڵەندا سەردانی وەزیری پەناهەندان و کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان لەشاری لاهای هۆڵەندا لەبینای پەرلەمان بکەن.

شایانی باسکردنە کە لەم (١٠) کەسە سێ لاوی کوردی تیابوو بەم ناوانە (مەبەست جەعفەر، بەختیار بەکر و ڕۆژان تاریق)، ئەوانی تریش پێکهاتبوون لەلاوانی هۆڵەندی و مەغریب و ئەندۆنووسی و ئەفریقی و تورك و بۆسنی و چینی. ئەوەبوو لەڕۆژی (٢٩/٨) چاویانکەوت بەخاتوو (ڤیردۆنگ) وەزیرو کۆمەڵێك لەئەندامانی پەرلەمانی هۆڵەندا.

پاش خوێندنەوەی وتاری هەردوولا گفتوگۆکردنێکی دوورو درێژ کرا لەبارەی هەموو کێشەکان و گفتیان لەخاتوو (ڤێردۆنگ)ی وەزیر وەرگرت کەدەبێت پەرلەمان قسە لەسەر کێشەکان بکات و بەزووترین کات چارەسەری بۆ بدۆزنەوە بۆ کێشەکان. هەروەها ئەوەی شایانی باسە کۆمەڵێك پێشنیازو تێبینی و ڕەخنە لەلایەن لاوانی کوردەوە خرانە بەردەم وەزیر.